# ئەركەكانی چەپ چییە ؟

مەحموود محەمەد عوسمان
هۆلەندا

( مێژووی هەموو کۆمەلگایەک مێژووی خەباتی چینایەتییە ) * بەڵێ مێژووی کۆمەلگاکان ! مێژووی کێشمەکێشی چینایەتییە . کێشمەکێشە لە پێناو بەدەستەوە گرتنی دەسەلات بۆ گۆرینی ئەو بنەما ودیاردانە کە پەیوەستن بە چینی دەسەلاتەوە . لە پێناو بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەو چینەی کە لە رووی ئابوورییەوە دەسەلاتدارە . چی لەلایەن چینی چەوسێنەر یان چەوساوە .

مێژوویەکە پرە لە داکۆکی نێوان دوو بۆچوندا لەهەموو کەنالەکانەوە . هەر یەکێ بنەماو بناغەی تایبەتی چینایەتی خۆی هەیە وە پەیرەوی یاساو دەستوورکانی خوێ ئەکات لە پێناو بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی چینایەتی وە کار کردن بە میتۆد و رەوشتەکانی . هەموو کارە مادی و مەعنەوییەکان پەیوەستن بەم کێشمە کێشەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ . دیاردەکانی دونیای ئەمرۆ لە هەموو روویەکەوە رۆشنە . چی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەلایەتیی وە دیارە چی چینێک زالە بەسەر جیهاندا وە هۆی ئەم هەموو شەر و دەربەدەرییە و فەوزایە رۆشنە کە لە خزمەت و پاراستنی بەرژەوەندی چی چینێکە ! چونکە مەسەلە چینایەتییەکان چوونەتە ناو لایەنە بچووکەکانی کۆمەلگا وە ناتوانین لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان دەست نیشان بکەین کە بێبەش بێت لەم کێشمەکێشە وە بەدەر بێت لە چەمکە چینایەتییەکان . تەنانەت بارە مەعرفی و هونەری و ئەدەبیش لە خزمەتی چینێکی دیاریکراوە بەشێوەی جیاواز یان ناراستەوخۆ .
سەرمایەداری سستمێکی هەمەلایانەیە وە سستمێکە کە زالە بەسەر هەموو دەزگا دەولەتییەکاندا کە بەجۆرەها فۆرم سیاسەتی خۆی پەیرەو ئەکات . بە بەرێوبەرایەتییەکی جێاواز لە هەموو جیهاندا . ئیتر چی وەک رژێمە علمانییەکان وە چی وەک ئەو رژێمانەی کە زۆر کۆنەپەرستن وە یاخود رژێمە سەربازییەکان کە لە رێگای کوتەداوە هاتوونەتە سەردەسەلات . بەلام هێلی بنەرەتی ئەوەیە سستمێکە کە لەسەر چەوساندنەوە ئەوەستێ وە بەردەوام بوونی لە شەرە کوشندەکاندا ئەوە نیشانئەدات . ئیتر چی جۆرە شەرێک بێت! چی ئەو شەرانەی کە دیاردەکانی دیارە وەک شەرە سەربازییەکان یان ئەو شەرانەی کە بەشێوەی بریارە پوچەلەکانیان وە یاسا نا ئینسانیەکانیان ئەیبینین یان پشتگیری کردنیان لەو بریارە نێودەولەتیانە کە برسیکردنی گەلان ئاواتیانە .
سەرمایەداری چینێکی زالو وە هەمەلایەنەیە . بوونی هەیە لە ئەمریکاوە هەتا یابان وە لە ئوسترالیاوە هەتا زمبابۆی وە شەر ئەگێرێ لەپێناوی بەرژەوەندەیە ئابوورییەکاندا . هەرەوەها چەوساندنەوە و بێمافیی ئەبینین لە رێگەی بەکارهێنانی چەمک و مافە ئینسانییەکانەوە دەربارەی پەرەسەندن و ئازادی وە دەربارەی جیهانی هاوچەرخ لە میدیاکاندا وە جۆرەها فۆرم لە مەودا مەعرفییەکان . هەموو ئەمانە تەنها لە پێناوی بەردەوامبوونە لە چەوساندنەوە و زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤ لە هەموو مافە مەدەنییەکانی کە بەرهەمی خەباتێکی درێژخایەنی بزووتنەوەی چینێ کرێکار و چەپی رادیکالە .

**چەپ** :مانای ئەم ووشەیە گۆراوە تەنانەت ئەو مانایەشی کە لامان باوبوو وە ئەم ووشەیە مانایەکی تری گردە بەر . ئیتر چی لە لایەن ئەو رژێمانەوە بێت کە ئەحزابی دیموکراسی و ئەحزابە سۆسیال دیموکراتییەکان و ئەحزابی سەوز پێکیانهێناوە . یان تەنانەت لە لایەن خودی ئەحزابی چەپ و وە هەندێ جار لە لایەن سەندیکا کرێکارییەکانیشەوە . ئەم ووشەیە لەلایەن رژێمەکانەوە گۆرا بۆ توندتر کردنی چەوسانەوە دژ بە داواکارییە چینایەتییەکان وە دژ بەهەموو جموجولێک لەپێناوی گەرانەوەی مافە زەوتکراوەکان . ئە و رژێمانە بە چەندین جۆر قسە لە سەر چەپ ئەکەن ! بۆ چەواشەکردنی بزووتنەوە کرێکارییەکان و بۆ ئەوەی ئەو هاوارەیان بێتەدی گوایە ئەمانە لەرێگەی هەلبژاردنەوە هاتوونەتە سەرکار وئەمان نوێنەری چەپن . لەهەمان کاتدا کە ئەمان لەدەسەلاتن چینی کرێکار رووبەرووی درندانەترین چەوسانەوە ئەبێ تەنانەت ئەو سەندیکا کرێکارێانەش کە ریفۆرم پەیرەو ئەکەن . لەم هەرەشەیە رزگاریان نابێ . سەرمایەداری ئەمەی پێباشە بۆ بەردەوامبوون لە کەلەکەکردنی سەرمایە وە پێناسەی رژێمێکی نەمر لە خۆی بنا .

هەروەها  ئەم ووشەیە لەلایەن ئەحزابە چەپەکانیشەوە بووەتە  قوتابخانەیەکی  فکری  . بۆ پەیوەست بوونی چەمکی چەپ تەنها بە داواکارییە ریفۆرمەکان و  وە چەند داواکاریەکی هاوچەرخی دیاریکراو کە هیچ هەرەشەیەک لە سەرمایەداری ناکات وە ناگونچێ لەگەل مێژووی خەباتی سیاسی چەپ کە لە بنەرەتدا تەریبە لەگەل بەرژەوەندی چینی کرێکار .

باسکردنی چەپ ئەبێ باس لە چەند مەودایەکی تر بکەین بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان  وە بۆ تێگەیشتنی چەپ وەک پێویست وە جێگەو رێگای چەپ چی لەرووی فیکرەوە وە چی لەرووی لێکۆلینە وە بنەرەتییەکانی ئەم رەوتە  بەتایبەتی لە کارکردندا . کار لە ناو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی چینی کرێکار . کارکردن بە شێوەیەکی رۆشن بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێک لێتێبگا کە خۆی ئەدۆزێتەوە لە بەشداربوون لە پێناوی بەرجەستەکردنی بنەرەتییەکانی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندی چینی کرێکار .بۆ  بەرجەستەکردنی ئاوات و هیواو و ئەو یاسایانەی کە زۆرتر ئینسانین لە دادپەروەری کۆمەلایەتی  وە هەولدان بۆ شکلگرتنی کۆمەلگایەک کە رێز لە مرۆڤ بگرێ .

ئامانجی سەرەکی و کۆتای پەیوەستە بە مرۆڤەوە . نەک مرۆڤێکی تاک ( موجەرەد ) بگرە مرۆڤ وەک بوونێکی کۆمەلایەتی کە پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و مەعرفییەوە . مرۆڤێک کە کاریگەربێت و کاری تێبکرێ لە پەیوەندیە بەرهەمهێنەکاندا وە لە نێو ئەو بزووتنەوەیە کە کار ئەکاتە سەر هێزی بەرهەم هێنان . لە هەموو بەشەکانی پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان لە یاسا و سیاسەت و ئاین و زانست و فەلسەفەو هونەر . مەبەستم هەموو پێکهاتنکانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییکان .

ئامانجی تری چەپ ناساندنی مرۆڤە بۆ  هەوییەتی چینایەتییەکەی . ئیتر ئەو مرۆڤە ئەتوانێ دیاردەکانی کۆمەلگا دیاری بکات وە ئەتوانی فۆرمی فکری هەلبژێرێ وەک چەکێک لەپێناو بەگەیشتن بە ئاواتە مرۆڤایەتییەکان لە نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی بەهەموو شێوەکانی . ئەو کاتە ئەزانێ چی رەوتێک یان چی جۆرێک لە چەپ ئەتوانێ بە سەلامەتی بیگەیێنێتە دەریای ئەمان . بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە بەرژەوەندیە چینایەتییەکان ! مەحالە کەسێکی چەپ خودی خۆی بدۆزێتەوە لە سەنگەری پێشکەوتنخواز و کرێکاریدا .
تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چەپی نا رادیکال ئەوەیە کە خۆی لەو رەوتە ئەبینی کە سەرخەتی داواکارییەکانی لە چوارچێوەی ریفۆرم دەرناچێ کە رەنگە هەندێ ئەحزابی بورجوازیش قسەی لەسەر بکەن بە شێوەیەکی جیاواز . یان ئەم بەشە لە چەپی نارادیکال ئەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بیر و باوەری ناسۆینالیستی یان لیبرالی یان لە رەوتێکدا دەر ئەکەوێ کە  هەر باسی دونیای هاوچەرخ  بکات .

چەپی رادیکال ئەبێ لەپێشەوەی هێزە پێشکەووتوخوازەکان و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی زەحمەتکێش بێت وە یەکێ بێت لە کارە بنەرەتەکانی . لەبەر ئەوەی چەپ روالەتێکی چینایەتی بەخۆوە ئەبینی وە چینی کرێکاریش مانای  رەخنەیە لە سستەمی سەرمایەداری کەوابوو بە بێ رەخنەیەکی هەمەلایانە وە راستەوخۆ لە سستەمی سەرمایەداری ناتوانین ئەم رەوتە بە چەپێکی رادیکال دابنەین . چونکە سەرمایەداری لەهەموو شوێنێ بوونی هەیە وە بەهەموو توانایەکی بەررژەوەندی خۆی ئەپارێزی تەنانەت گەر پێویستیکرد سل ناکات لە بەکارهێنانی هێزێکی تەقلیدی . لە شەرە کوشندەکانەوە وەک شەری  عێراق . لە پال کوشتن و داگیرگردن . سەدان بیر و باوەر و چەمک بە کار ئەهێنێ بۆ چەواشەکردن وە بۆ بیانوو هێنانەوە تەنانەت بۆ داگیرکردنی ولاتان . هەتا بەکار هێنانی سەدان بیانوو بۆ شێواندنی روالەتی چینایەتی کە هەموو لەخزمەتی بەرژەوەندییە ئابووریەکاندایە .

جێگەو رێگەی چەپ لە کوێی ئەو  هەموو پەرەسەندن و گۆرانکاریانەوەیە وە چۆن رووبەرووی ئەم درندایەتییەی سەرمایەداری ئەوەستێ . چۆن بەرامبەر ئەم هەموو پەرەسەندنە سەرسورهێنەرە بۆ سەرمایەداری . بەرامبەر ئەم هەموو برسیکردنەی ملێونەها ئینسانە ئەوەستێ . تێروانینی بۆ ئەم هەموو شۆرشە لە سەرمایەداریە لە توانا بەرهەمهێنانەدا وە رەنگدانەوەی فراوانی لە دەربەدەرکردن وە بەکالا کردنی ئینسان کە توانای نەبێ لە تێرکردنی پێویستیەکانی بۆ دونیایەکی باشتر  .

## ئەرکەکانی چەپ

مارکسیزم کە بنەرەتی چەمکی چەپە . ولامێکی چینایەتی و ئینسانی هەیە بۆ سەرجەم کێشەکان کە پەیوەستن بە کۆمەلگاوە . تەنانەت بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بۆ مەسەلەی هونەر و ئەدەبیش . لەبەر هۆیەکی ئاسان ئەویش ئەوەیە کە کۆمەلگاکان هیچ مەسەلەیەک ناخەنە روو بەبێ چارەسەر . بەلام لەچی روانگەیەکەوە . بەبەردەوامی ئەبێ بلێن ( لەبەرژەوەندی کێ ) چی بەرژەوەندییەکی چینایەتی لەپشتییەوەیە . چەپ ئەبێ بەشدار بێت وەک هێزێک لە سادەترین کەنالەکانی ژیانەوە بۆ ئالۆزترین لە رووبەروبونەوەی لەگەل سستمی سەرمایەداری . بۆ گۆرینی کۆمەلگا . هەموو دەسکەوتەکان و مافە مەدەنییەکان و هەموو مەسەلەکان کە پەیوەستن بە بیمە کۆمەلایەتییەکان و ئازادی دەربرین و ئازادی سەفەر و ئەو مافانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ژنانەوە هەمووی بەرهەمی خەباتی کریکاران و هێزە کۆمەنیستەکان و بەرەی ئازادی خواز و پێشکەوتنخوازبووە کە قوربانییەکی بێوێنەیاندەوە . هەرچەندە سەرمایەداری رۆژانە هەول ئەدات بۆ بەرتەسککردنەوە و سەندنەوەیە ئەم مافانە وە ئەمانە دوا ئیستگەی چەپی رادیکال نییە وە هەموو ئامانجەکانی نییە . ئەم داواکارییانە هاواری مرۆڤایەتییە بە درێژایی مێژوو بە شێوە و فۆرمی جیاوازەوە وە بە چەکی جیاواز لە چوارچێوەی فۆرمە ئابووری و کۆمەلایەتییەکاندا . لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەو کۆمەلگایەدا لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆمەلگا . ئەم داواکارییە ئینسانیانە بۆ خۆشگوزەرانی . بۆ نزیکبوونەوە لە تێگەیشتنی خودی مرۆڤ ( بەرجەستە ئەبێ لە شێوە ئینسانییەکەی لە شۆرشی سۆسیالیستیدا بۆ کۆمەلگایەکی سۆسیالیستی ) مەنسوور حکمەت .
کارکردن دژ بە سستمی سەرمایەداری بە شێوازی جۆراوجۆر وە لە لەهەر شوێنێ و لە هەر کەنالێک کە سەرمایەداری چێگەو رێگەی سەپاندووە . لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەلگایەکی بێ چین ئەرکی بنەرەتی چەپی رادیکالە . پێش ئەوەی باسی ئەرکەکانی چەپ بکەم لە عێراقدا لە چەند خالێکدا .

ئەمەوێ ئەوە بلێم کە چەپ و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە عێراقدا لە سەنگەری پێشەوە بوون لە هەر رووبەرووبونەوەیەک وە لە هەموو نارەزایەتەکان و داواکاریەکان کە هاواریان بۆ ئازادی و دادپەروەری کۆمەلایەتی ئەکرد . ئەو هەموو دەستکەووتانە کە کۆمەلگای عێراق لەمێژووی هاوچەرخدا بەدەستی هێنا لە خوێندن بە خۆرایی و بریارەکان سەبارەت بە کشت وکال و جووتیاران و تەندرووستی و بیمەی کۆمەلایەتی و مافەکانی ژنان . هەمووی ئەنجامی خەباتی بێوچانی چەپ و هێزە ئازادیخوازەکانی عێراق بوو . بەلام وەک کاری هەمیشەیی رژێمە دیکتاتۆرییەکان ئەو هەموو دەستکەوتانە بە دیاری ئەودەسەلاتدارە ئەزانن کە لەسەر حوکمە . عێراقیەکانیش ئەزانن چۆن رژێمی سەدامی دیکتاتۆر ئەم دەسکەوتانەی بەرتەسکئەکردەوە وە رۆژ لە دوای رۆژ باس لەو مافانە نە ئەما . نەک ئەمانە بەلکو بۆ یەک چرکە رانەئەوەستا لە کوشتن و دەربەدەری کردنی خەلکی ئازادی خواز و ئەو نووسەرو ئەدیبانە کە قسەیان هەبوو لەسەر ژیان یان بوێرانە هەلوێستیان دەرئەبری لەسەر مەسەلەکانی ژیان وە کارە درندەکەی بەرامبەر خەلکی کوردستان لە کیمیاوی بارانی هەلبجەو ئەنفال نموونەی درندایەتیی ئەو رژێمەبوو .

## ئەرکەکان

1 _ کارکردن بۆ ئاگەدارکردنەوە و وریایکردنەوەی چینی کرێکار وە پشتگیریکردنێکی بەردەوام لەگەل داواکارییە چێنایەتییەکانی کرێکاران لەهەموو لایەنە جیاوازییەکاندا .
2_ کارکردن بۆ چەسێاندنی ئازادی تەواو لە ئازادی دەربرین و ئازادی بیروباوەر و ئازادی خۆپیشاندان و پێکهێنانی سەندیکاکان .
3 _ کارکردن لە پێناوی جیاکردنەوەی ئاین لەدەولەت لەهەموو بوارەکاندا لە یاساو دام ودەزگا دەولەتییەکان وە لە بواری پەروەردەو فێرکردن . بەو مانایە کە چوارچێوەیەکی ئاینی دانەنرێ بۆ بوونی مرۆڤی کۆمەلایەتیی و رەخنەگرتن لە ئاین و بیر و باوەری خورافی .
4_ بەشداری نەکردنی چەپ لەگەل هێزە کۆنەپەرستەکاندا . ئاشکرا کردنی هەموو ئەو ئە هێزە بەناو چەپانە کە ساتوسەودایان لەگەل هێزە کۆنە پەرستەکاندا هەیە بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەو پەیوەندیە لە قازانجی چەپە .
5 _ کارکردن لە پێناو یەکسانی ژن و پیاودا لە هەموو مافەکان وە لە هەموو بوارەکاندا وە خستنە روو و ئاشکرا کردنی هەموو کارە نابەجێکانی رەوتە ئیسلامیەکان بۆ مانەوەی ژنان بە پلەدوو .

6_ هەولدان بۆ بەدەستەوەگردنی میدیا وە ئەبێ هەموو کەس بەهرەمەدبێت لەبەکاری هێنانی.

7_ هاوکاریکردنی چەپەکان لەنێوخۆیاندا لەسەر ئەو خالانەی کە باسمکردن بە بوونی ئینتمائی جیاوازی حیزبایەتی .

8_ کۆتای هێنان بە داگیرگردنی ئەمریکا وە ئاشکراکردنی هەموو کارە نارەواکانی .

9_ خەبات لە پێناوی دابینکردنی پۆشاک و خۆراک و شوێنی حەوانەوە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەلگا .

10_مافی چارەنوس بۆ کوردستان لە رێگەی ریفراندۆمێکی ئازادەوە کە خەلکی کوردستان ئازادبن لە پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ یان پێکەوە ژیان لەگەل ناوەندا .

11_وەستاندنەوە بە دژ هەموو ئەو رەووتانە کە ئەیانەوێ مۆرکی ناسێونالیستی یان مەزهەبی بەسەر عێراقدا بسەپێنن .

تێبینییەکان

*_ماننەفیستی کۆمەنیست ( مارکس ئەنجلس )

** ئەم ووتارە لە ئەساسدا بە ئەرەبی نوسیبووم